# 8/21 سەرەتای وەرزێکی نوێ لە خەبات دژی جینۆسایدی گەلی کورد

**ئازادیخوازان، داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ، هەڵسوڕاوانی دژی جینۆسایدو ڕەشەکوژی کورد.**

**بەیەکەم دانیشتنی دادگایی سەدام حسێن و سەرانی دی ڕژێمی بەعس، بەتاوانی هێرشەکانی ئەنفال بۆ سەر کورد. وەرزێکی نوێ بۆ هەڵسوڕان و چالاکی دژی جینۆساید والا ئەبێت. بە ڕاپۆرت و بڵاوکردنەوەی هەواڵی دانیشتنەکانی ئەو دادگاییە زومی میدیا ناوچەیی و جیهانییەکان دەچنەسەر دیمەنەکانی ئەو مەرگەساتە. زۆرێک لە بینەران و بیسەران و خوێنەرانی جیهان مەحکوم بەبینین و بیستنی یەکێک لەهەرە برینە قوڵەکانی جەستەی کورد دەبن. ئەمەش دەرفەتێکی زۆر گرنگ پێش دێنێ بۆ هەڵسوڕان و چالاکی بۆ بردنی ئاڕاستەی خوێندنەوەو لێکدانەوەکان بەوئاقارەدا کە هەرچی زیاتر کێشەی کورد بە جیهان بناسێت و زۆرترین پانتایی ڕەوایی بۆ دۆزەکەی فەراهەم بکات. وەک دەزانن بۆ مامەڵەکردن و تێگەیشتنی هەوڵ و کامپینەکانی سڕینەوەی ناسنامەی کورد و لەناوبردنی جەستەیی، زۆر خوێندنەوەو کارکردنی هەمەجۆرو جیا بەپێی سیاسەت و بەرژەوەندییەکان هەیە.**

**ئەم دادگاییەش جارێکی تر ئەتمۆسفێرێکی گونجاو ئەبێت بۆ خۆنمایش کردنی هەر یەک لەو بینینانە. ڕەنگە یەکێک لەو خوێندنەوە ترسناکانەش ئەوە بێت، کە هەم لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا سەپۆرتەری خۆی هەیە، کە ئەو کارەساتانەی بەسەر گەلی کوردا هاتون کورت دەکاتەوە بۆ کەسێتی دیکتاتۆری سەدام و چەندێک لە سەرانی بەعس. بەمەش هەوڵی دابڕینی ئەم ڕووداوانە دەدات لە پێشینە ئایدۆلۆژی و هەموو ئەو پلان و ڕەنگ ڕێژیانەی کە لەودیو ئەم تاوانەوە هەیە. بە دادگایی کردنی سەدام دەیانەوێت بەژنی ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و بیرو مۆراڵە داشارن کە پشتی ئەو کردەوانەی گرتوە و هەر ئێستا هەناسەی زیندویی و خۆ نوێ کردنەوە ئەدات و قسەکەرو چالاکی تری خۆی هەیە.**

**ئەم ڕوانینە دەیەوێت پرۆسەی دادگاییەکەش پشت بە یاسای سزادانی عێراقی و تێکستە یاساییە لۆکاڵەکان ببەستێت، بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەم کردە لە ناوەرۆکە سیاسی و کریمینۆلۆجییەکەی و دابەزاندنی بۆ ئاستی تاوانێکی ئاسایی و خۆماڵی. دەبێت چالاکانی دژی جینۆساید هەوڵی لە جوڵەخستن و کاڵکردنەی ئەم تێڕوانینە بدەن. چونکە ئەو تاوانانەی سەدام و ڕژێمەکەی ئەنجامیان داوە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتین و ژێرپێنانی مافەکانی مرۆڤیش کێشەی جیهانیە نەک ناوچەیی دەشبێت کار بە بنەما و یاساو چارتەرە جیهانییەکانی تایبەت بە جینۆساید و کۆکوژی بکرێت بۆ دادگایی کردنی. چونکە ئەوەندەی چۆنێتی و تەکیفی سزادانەکە گرنگە بۆ کورد ئەوەندە بڕی سزاکە گرنگ نیە. بۆیە وەک چۆن**

دادگا کردنی سەرکردەکانی ئەڵمان بە تاوانەکانی شەڕ و جینۆساید و کۆکوژی دادگایی فاشیزمیش بون ئاواش دەبێت دادگایی سەدام لە ئاستی کۆمەڵ و جیهاندا دادگایی بەعسیزم و شۆڤینیزمی دژی کورد بێت.
تێڕوانینێکی تر کەئەویش مەترسی خۆی هەیە و بونی لەناو هەڵسوڕاوانی دژی جینۆسایدیشدا تائیستا پاراستوە ئەویش هێنانە خوارەوەی ئەم کێشەیەیە لە کێشەیەکی ستراتیژ و چارەنوسسازەوە بۆ ئاستی حساباتی سیاسی و حیزبی و سێکتاریستی زۆر تەسک. ئەم ڕوانینە لەبری کۆکردنەوەی سەرنج و گرنگی لەسەر خاڵە هەرە گرنگ و ستراتیژەکان خۆ بە دامێن و پەڕاوێزی ئەم روداوە گرنگانەوە خەریک دەکەن تا ئاستی دروستکرنی مەترسی لەسەر خودی پێناسەی جینۆسایدیش. ڕەنگە ئەم بۆچونە لەئاستی ناوخۆیی کوردستاندا جۆرێک لە گرنگی خۆی هەبێت بەڵام لەئاستی جیهانی و ناوچەیدا هەرگیس بەرسڤێکی لۆجیکیانە نیە بەو کێشەیە.
لە دەمی دادگاییەکەدا سەدام و سەرانی دی بەعس ڕەنگە هەوڵدەن ئەم ڕوداوە وەک بەشێک لە پێکهاتی شەڕی ئێران و عێراق یان شەڕ دژی یاخیگەری و چەکداری و جوداخوازی وێنە بکەن نەک وەک شەڕی بەعسیزم و شۆڤینیزمی عەرەب دژ بە مان و بونی کورد. پێ ئەچێت یەکێک لەو پاساوانەش بەشداربونی جێبەجێکەرانەی هەندێک جاش و خۆفرۆشی کورد بێت لەم تاوانەدا. دەبێت ڕێگە بە بەعس و هیچ کەسی دی نەدرێت پێناسەی ڕاستەقینەی ئەنفال وەک تاوانی جینۆسایدی گەلی کورد بگۆڕیت. باهەموو بەقەد گرنگی و ستراتیژی ئەم کەیسە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین نەهێڵین ئەم تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیە ببێت بە ژێر دژە ئەمریکا و پڕۆئەمریکا بونەوە. هەوڵدەین چاوی هەموو ئازادیخوازان و داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ بخەینە سەر ئەم کێشە گرنگ و سەنتەرییە. با 8/21 بکەینە سەرەتای وەرزێکی جدی هەڵسوڕانمان دژی جینۆسایدو کۆکوژی و سڕینەوەی پێناسی نەتەوەیی کورد.

بەخۆپیشاندان لەبەردەم ئۆفیسەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان و باڵوێزخانەکانی عێراق لەهەر کوێ هەن داوای بەڕەسمی ناسینی تاوانی ئەنفال وەک بەشێک لە جینۆسایدی گەلی کورد بکەین. داوا بکەین کە پلان دانەران و بەشداران و جێبەجێکەرانی ئەو تاوانە دادگایی بکرێن و داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکرێت و هەوڵی سڕینەوەی دەرئەنجامە پڕ زیانەکانی بدرێت بە قەرەبوکردنەوەی زیان لێکەوتوان و گواستنەوەی بەشی یا گشتی یان بەشیی دادگاییەکە بۆ یەکێک لە ناوچە زیان لێکەوتوەکانی کوردستان.

پەیوەندی کوردی دژی جینۆساید
2006/08/09
paiwandi@hotmail.com